# خەڵكینە پێبكەنن

گۆران هەڵەبجەیی

چەندین خەسڵەتی هاوبەش لەنێو ڕژێمە فاشیست ودیكتاتۆریەكاندا هەیە، یەك لەوانە{دژە مەعریفە}یە بەهەمموو چڵەكانیەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە كە ئەو ڕژێمانە مەعریفە بەدیوارێك دەزانن كەهەرگیز ناتوانن بە سەریدا بازبدەن بۆیە هەوڵی ڕماندنیدەدەن.

هیتلەر خوینكارێكی فاشل بوو نەیتووانی هیچ جۆرە دیبلۆمێك بەدەستیهێنێت.

پاشان بووە سەربازی {متەتەوع } لە سوپای ئەڵماندا بەو ئومێدەی ئایندەی خۆی لەوێدا ببێنێتەوە. لەوێشدا هیوابڕاوبوو. بۆیە پاش یەكەم جەنگی جیهانی ماڵاوایی لەسوپاش كردو ڕوویكردە سیاسەت. لەسیاسەتدا خۆی دۆزیەوە، بەڵام سیاسیەكی بێ مەعریفە بێ شەهادە. لەسەردەمی دەسەڵاتدا هیتلەرباگراونی خۆی لەیادنەكرد كە وەدەستنەهێنانی دیبلوم وپیشەیەكی ماقوولە. هەربۆیەش بەناشیرینترین شێوە تۆڵەی لەوبوارە كردەوە. ئاهەنگەكانی كتێب سووتاندن لەبەرلین وشارەكانی دیكەی ئەڵمان نموونەیەكی ئەو هەڵوێستەی هیتلەرە. بەهەزارەها كتێبی سوودمەند لەبورەكانی فەلسەفەو فكرو زانست و ئەدەب وهونەر كرانە قەقنەس.

هیتلەر تەنها دژی كتێب نەبوو بەڵكو دژی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران و زانایانیش بوو. جارێك هیتلەرگووتبووی هەرگوێبیستی پەیڤی ڕووناكبیریی دەبم دەست بۆ دەمانچەكەم دەبەم. لەژێرفشاروسووكایەتی نازیەكاندا چەندین زانای ئەڵمانی وڵاتیان جێهێشت. تەنها بوارێك كەپتر پێشكەوتنی بەخۆوە دی بواری چەك و تفاقی جەنگ و درووستكردنی تەنووری مرۆڤسووتاندن و چەكیكۆكوژی بوو.

ڕژێمی سەدامی لەزبڵدانەڕنراو پتر لەنازیەكان دووژمنی مەعریفە بوو. ئەو سووكایەتیەی ئەو ڕژێمە بە پەروەردەو خوێندن و زانست و ڕووناكبیری و زانكۆو مامۆستایانی كرد بێوێنە بوو. لەسایەی دەسەڵاتیاندا مەعریفە بە گشتی لەنزمترین ئاستدابوو. هۆكارەكانیش ئاشكران بۆیە باسكردنیان بە پێویست نازانم، بەڵام تەنها یەك نموونە دێنمەوە. لەناوەڕاستی هەشتاكاندا سەدام وەزیری{خوێندنی باڵاو تووێژینەوەی زانستی}وەلاناو پاشانیش كووشتی كە بەداخەوە ناوەكەیم لە یادنەماوە. كەسێكیان لە جێگەكەی دانا كە خوێندنی سەرەتایشی تەواونەكردبوو، ئەویش كۆنە سەرۆكی شارەوانی بەغدا سەمیر شێخلی بوو. ئەم چەقۆكێشە* لە دەسپێكی وەرگرتنی پۆستەكەیدا جڤینێك بە مامۆستایانی زانكۆكانی بەغدا دەكا. لەوێدا هەڕەشەیەكی زۆریان لێدەكات و دەڵێت دەزانم كەتا ئێستاش لەزانكۆكانماندا خوێندكارهەیە بەعسی نیە، جامن ئەوە فەرامۆش ناكەم. گەرەكمە زانكۆكان ببنە تیشك بۆ حیزب وشوڕش، بەلامەوە گرنگنیە خوپندكاربزانێت دوو+دوو=چووار یا پێنج، بەڵكوو ئەوە گرنگە بۆمن كە ئەو خوێنكارە تاچ ڕادەیەك لەحیزبەوە نزیكەو چ خزمەتێك بە حیزب دەگەیەنێت.

زۆربەی وەزیرو بەرپرسە ئیداری و حیزبی و سوپاییەكانی ئەو ڕژێمە بەسەدامیشەوە هیچ جۆرە دیبلۆمێكیان نەبوو، خوێندنیان لە ئاستێكی زۆر نزمدابوو كە دەكرێ بێژین كۆلكەخوێنەواربوون*.

ئەم حاڵەتە واتە تەواونەكردنی خوێندن تووشی گریی دەرونی {العقده النفسیه}یكردبوون. هەربۆیەش دەسەڵات بۆئەوان هەلێك بوو بۆ ڕزگاربوون لەو گرێیە. وەرگرتنی شەهادەی زانكۆ وماجستێرە دكتۆراو. . . تاد بۆئەوان لەوەرگرتنی شەهادەی هاوژوون ساناتربوو. هەریەكەیان بەئارەزووی خۆی چ جۆرە دكتۆرایەك یا ڕووتبەیەیەكی سەربازی گەرەك بووایە مشتی بە جامی دبلۆم و ڕووتبەدا دەكردو لە {كن فیكن}ێكدا دەبووە خاوەنی ئەوی كە گەرەكییەتی. سەدام وخێزانەكەی و خزمەنزیكەكانی بەشی شێریان هەبوو لەوەرگرتنی بڵاترین دبلۆم وتاج وئەستێرەی شاندا.

لێرەدا تەنها عودەی بەنموونە دێنمەوە كە مەبەستی نووسینەكەشم هەرئەوە.

ئاشكرایە ئەو گچكە دیكتاتۆرە لە ڕووی خوێندن وعریفەوە فاشیلترین تاكی خێزانەكەیان بوو، تەنانەت خوێندنی ناوەندیشی بەهەقی خۆی تەواو نەكرد. {*لەنووسین و خوێندنەوەدا زۆر كۆڵەواربوو، توانای نووسینی ڕستەیەكی كەڵكداری نەبوو. زۆردژیخوێندنەوە بوو لەژیانیدا كتێبێكی نەخوێندووەتەو. }

چاكترين و نزيكترين كتێب لەخواستيەوە كەتەلۆگی مۆدێلی جلوبەرگی ئافرەتان بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆكی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان وخاوەن و سەرنووسەری چەندين گۆڤارو ڕۆژنامەو رأديۆو تەلەفزيەن بوو. ڕۆژانە چەندين گووتارو بابەت بەناوی ئەوەوە بلاودەكرانەوە كە خەڵكانی ديكە دەيانـنووسی.

وێڕای ئەمانە عودەی بەدرۆ خاوەنی كۆمەڵێك دبلۆمی دكتۆراو ماجستێرو تاد بوو. وەچەندين دراساتو كتێبی مەزن بەناويەوە بلاوكراونەتەوە.

سەيرلەوەدايە تائێستاش زۆر لە ڕووناكبيران وناوەندەكانی چاپ و پەخشی كتێبی عەرەبی ڕەواج و شەرعيەت بەم درۆمەزنانە دەدەن. ديارە ئەو ناوەندانە ئەم كارە لە ئەنقەست دەكەن كە بۆخۆی، ئەمەش سووكايەتی كردنە بەمەعريمەو مەزنترين زيانيشی پێ دەبەخشێ.

جا پاش ئەم پێشەكيە فەرموو ئێوەو دكتۆر عودەی لە پێشەنگای كتێبی عەرەبی لەپاريس كەڕۆژنامەی سەرق ئەلئەوسەت لە يەكێك لە ژمارەكانيدا لەدوا لاپەڕەدا بلاوی كردوەتەوە.

دكتۆر عودەی سەدام حوسەين لە پێشەنگای كتێبی عەرەبی لە پاريس

﴾ بێگومان ئەوانەی سەردانی پێشەنگای كتێبی عەرەبی لە پاريس دەكەن، كە چەند ڕۆژێكە بەردەوامە كتێبێك سەرنجيان رادەكێشێت كە ناوی دكتۆر عودەی سەدامی لەسەرە، بەنانيشانی {جيهان پاش جەنگی سارد}كە لەلايەن چاپخانەی مەنسورلەبەغدا دەرچووە. ئەوەی دەردەكەوێت كتێبەكە ئەتروحەيەكی ئەكاديميە كە بەشێوازێكی قەشەنگ وزۆر ناياب لەبەرگ گيراوە. نووسەری پێشەكيەكە بەم جۆرە كتێبەكە هەڵدەسەنگێنێت:{نووسەركوڕە گەورەی سەرۆكی عێراقی لابراوە، لەباب ودايكێكی عيراق وعەرەبی ڕەسەنە كە بەڕچەلەك دەگەڕێنەوە بۆ گەورەمان ئيمامی عەلی كوڕی ئەبی تاليب. لەتافيكردنەوەكانی سالانی82-81 بەيەكەمی سەرجەم ئامادەييەكانی عێراق دەرچوو. لەكۆليژی ئەندازياريدا بەكالۆريوسی هەيە، لەزانكۆی بەكريش زانستيە سەربازيەكانی خوێندوەو پلەیدبلۆمی بالای بە ئيمتيازوەدەستهێناوە. وێرای ئەمانە ئەم دبلۆمانەيشی هەيە:

دبلۆمی بالا لە دراساتی ستاتيژيدا بە پلەی ئيمتياز.

ماجستێر لە زانستی سەربازيدلە كۆليژی ئەركان بەئيمتياز.

دبلۆمم لە فرِيندا ديسان بە ئيمتياز.

دبلۆم لە هاژووتنی فرۆكەی هەليكۆپتەردا ئەميش هەر بەئيمتياز.

لەپاڵ گشت ئەمانەشدا ساڵی 1998 لە زانكۆی بەغدا لە زانستيی سياسيدا دكتۆرای بە ئمتيازلە بواری فەلسەفەدا وەدەستهێناوە. خوێندنی دوا دكتۆراشی لە كۆليژی زانست لە زانكۆی سەدام كۆتايی هێناوە. هەر لەوێ لە ئاستی مامۆستايەتيدا بە پلەی پرۆفيسۆر دەستنيشان كراوە.

ئەوكەسەی لاپەڕەكانی ئەو كتێبە هەڵدەداتەدەوە كەپڕە لە دەستەواژەی ناديارچاكە چاوێك بە دووا لاپەڕەيدا بخشێنێت كە ناوی ئەو پۆستانەی لەخۆگرتووە كە مووئەلف بەرلە هەڵاتن و خۆحەشاردانی گرتوونيەتە دەست كەژمارەيان بەدەهايە. ديارە ئەم جيهانەی كە ئەو خۆی تێدا حەشارداوە سەنگ بۆ خاوەن شەهادەو ئيمتيازدانانێت. ﴿

ديارە نووسەری بابەتەكەش گاڵتەی بەومەسەلەيەدێت بۆيە دەنووسێت ئەم جيهانە نرخ بۆخاوەن شەهادە دانانێت.

دەمێك مرۆڤ بابەتێك لەمەڕ مەسەلەيەك دەخوێنێتەوە، وە سوور دەزانێت كە ئەو بابەتە لەسەردرۆيەكی قەبە بونياتنراوە، بەدووحاڵەت هەستی خۆی دەردەبڕێت بەتووڕەبوون يا بە پێكەنين. جامن بەشبەحاڵی خۆم لێرەدا بەپێكەنێن دەريدەبڕم. ئەويش بەهۆی مەزنی درۆكە كەبەڕای خۆم بەپێكەنين چاكتر دەكارم گوزارشتی لێبكەم. وابزانم بۆئەم حاڵەتەی پرۆفيسۆرعودەی بۆئێوەی بەڕێزيش پێكەنينەكە گوونجاوترە بۆيە داواكارم پڕبەسيەكانتان پێبكەنن.

سەرنج : ئەم بابەتە بەرلە کووشتنی عودەی نووسراوە وەلێ ناردنی بۆ بڵاوکردنەوە دواکەوت.

⋆عەبدول کەریم شیخلی لە پەنجاکاندا لە گەرەکی شێخ عومەر لە بەغدا گەنجێکی خوێڕی و شەڕانی و چەقۆکێش بووە.

⋆لەتیف یەحیا هاوشێوەکەی عودەی لەکتێبەکەیدا {من کوڕی سەدام بووم} زۆربە چڕی باس لە تەمەڵی ونەزانی وناڕۆشنبیری عودەی دەکات.

⋆سلاح عومەرعەلیکۆنە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس لە عێراق لە زنجیرەی {شاهد علی العصر}دا لە کەناڵی جەزیرە زۆرجار باسی ئەم لایەنەیکرد. واتە کەم خوێنەواری ونامەعریفی دەسەڵاتدارانی بەعس.

⋆دیسان محەمەد دووری کۆنە نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەدیمانەیەکیدا لە تەلەفزیۆنی العربیە دا، وە لیوا فازیل عەساف لەبەرنامەی {ئەڵقە وونبووەکانی کوودەتا عەسکەریەکان}لە تەلەفزیونی ANNدا. ئەوانیش بەهەمان شێوە لەسەرمەسەلەی کزی ئاستی خوێنەواری دەسەڵاتدارانی بەعس ڕاوەستان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.